# گلەیی نامەیەک بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن

سڵاوێکی گەرم

جێگای نیگەرانیە زیاتر لەهەفتەیەکە (مەولود ئافەند) سەرنوسەری گۆڤاری **ئیسرائیل - کورد** شوێن و جێگای نادیارە بەڵام لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستان هیچ بایەخێکی پێنەدراوە،

ئەوە لەکاتێکدایە کەپێشتر بۆ زۆر بابەتی ئاسایی دەزگاکان بایەخیان بەزۆر بابەت داوە کەڕەنگە بەقەدەر ئەم بابەتە جێگای بایەخ نەبووبن لەبەرئەوە بێدەنگیتان بەرامبەر سەرنوسەری گۆڤارە جێگای نیگەرانیە زۆر پێویست و گرینگ بوو کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بایەخیان بەم بابەتە بدایە جا ئەنجامەکەی هەرشتێک بێت. دەبوایە ئەم بابەتە جێگای بایەخ بێت لاتان بەتایبەتی میدیای ئەهلی لێرەوە بەشێوەی ڕەسمی داوا لەمیدیاکانی ئەهلی و سەندیکای ڕۆژنامەنووسان دەکەم بێنە سەر خەت بۆ ئەوەی ئەم بابەتە هەروەها بەسادەیی تێنەپەڕێت،

بۆ:دەزکاگانی ڕاگەیاندن

١ **.ڕۆژنامەی هاوڵاتی**

٢ **.هەفتەنامەی ئاوێنە**

٣ **.گۆڤاری لڤین**

٤ **.کەناڵی کەی ئێن ئێن**

٥ **.کەناڵی ئێن ئارتی**

هەروەها داوا لەپەیامنێری سەرجەم میدیا جیهانیەکان دەکەین بایەخ بەم بابەتە بدەن و لێکۆڵینەوەی لەسەربکەن:

هەرلێرەشەوە داوا لەسەنتەری میترۆ و سەندیکای ڕۆژنامەنووسان دەکەین هەرچی زووتر دەنگیان لێوەبێت چونکە ناکرێت هەفتەیەکە ئەم ڕۆژنامەنووسە هیچ کەس زانیاری لەبارەوە نازانێت بەڵام کەس دەنگ ناکات.

**ڕۆژنامەڤان: دیاری محەممەد**

**٢٠١٢/٦/١٦**